# بالمی.. دیمەنی کۆتایی

د. فازڵ جاف
(سوید)

(٢ – ٢)

زمانی شانۆنامەی بالمی بەڕواڵەت وەک زمانێکی ڕۆژانەی سادە خۆی دەنوێنێت، بەڵام ئەگەر بە وردی بیخوێنیتەوە، جۆرە شاعیریەتێکی خوائاساییانەی تێدا بەدی دەکەیت، هەروەها زمانێکە لە بنی بنەوەیدا چەندان هێما و ئاماژە و سیمبۆل قووڵیی ئەندێشەی مرۆیی خۆیان تێدا حەشار داوە، ئەمانە خۆیان لە شێوەی خەون و فەنتازیا، جاروباریش لە شێوەی مۆتەکە و وڕێنەدا خۆ دەنوێنن. ئەم مۆرکە دەروونییە شاعیرانە قووڵە، ڕەنگە لە خوێندنەوەی خێرادا یەکسەر خۆی بەدەستەوە نەدات، بەڵام ئەکتەری وریا هەر بە سۆراخ و پشکنینێکی کەم پەی پێ دەبات و دەیکات بە کەرەستەی بەرجەستەکردنێکی داهێنەرانە.

بۆ وەرگێڕانی شانۆنامەکە دیسانەوە کەسم لە شێرکۆ بێکەس پێ شیاوتر نەبوو، ئەم باوەڕەم لە ئەزموونەکانی پێشوومەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئێوارەیەک کتێبە سەوزەکەی دەقە عەرەبییەکەی شانۆنامەکەم دا بە شێرکۆ بێکەس، ئەوەندە بە تاسەوە بۆم باس کرد، کە سبەینێ بۆ ئێوارەکەی سەراپا تێکستەکەی خوێندبووەوە، شێرکۆ جۆشوخرۆش و گەرموگوڕییەکی زۆری سەبارەت بە وەرگێڕانی تێکستەکە پیشان دا، بەڵام ئەویش هەروەک زۆرینەمان دڵنیا نەبوو لەوەی کە مۆڵەتی نمایشکردنی بدرێت، هەروەها مەترسی ئەوەی هەبوو کە ئەگەر مۆڵەتیش بدرێت، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە نمایشەکەی ڕابگیردرێت. هەموو ئەم مەترسی و پێشبینیانە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتی شانۆکەوە هەبوو.

شێرکۆ بێکەس خێرا لە سێ چوار ڕۆژێکدا دەقەکەی کردە کوردی، کە وەرگێڕانەکەم خوێندەوە، پێم وابوو دەقە کوردییەکە چێژێکی جیاوازی هەبوو، ئەوەیش پێوەندی بە توانایی شاعیرانە و دراماتۆرگیانەی شێرکۆ بێکەسەوە هەبوو.



**دیمەنێک لە نمایشی د. بالمی لە ئیسپانیا**

بۆ ئەوەی شانۆنامەکە مۆڵەتی نمایشکردنی پێ بدرێت، بەباشم زانی چەند دەستکارییەکی بچووکی تێدا بکەم، گەورەترینیان گۆڕینی جێگە و شوێنی ڕووداوەکان، لە ئیسپانیاوە بۆ ئەمریکا بوو، ئەمەیش بە هیچ جۆرێک ئاخاوتنی کەسایەتییەکانی نەدەگرتەوە، گۆڕانکارییەکان تەنیا لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی نووسەردا بوون، بۆ نموونە بۆ نووسینگەی بەڕێوەبەری ئاسایش، نووسیمان: نووسینگەی بەڕێوەبەری ئاسایش، ئاڵایەکی بچووکی ئەمریکا، لەلایەکی ترەوە پەیکەری ئازادیی ئەمریکی دانراون، گوایە ئەم دیاردە دزێوە نامرۆییانە، ئەم شێوازە دڕندانەیە لە ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی لە ئەمریکا ڕوو دەدەن، دیاربوو ئەو سەردەمە ڕاگەیاندنی ڕژێمی ئێراق شەو و ڕۆژ ئەمریکای دادەشۆردەوە، بەڵام کەسایەتییەکانی هەروەک خۆیان، وەک خەڵکی ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆ مانەوە.

ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی بڕیاری لیژنەی مۆڵەتپێدان بووین، وا بزانم لیژنەکە ناوی "لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەقی شانۆیی" بوو، بەڵام هیچ دەنگێک نەبوو، دواتر خۆیان پێوەندییان پێوە کردین، دیار بوو ئەمە ئاماژەیەکی باش بوو، هێمای هاریکاری و کارئاسانی بوو لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەوە، کە نەیان دەویست خۆیان و ئێمەیش تووشی کێشە بین، هاوکات نەشیان دەویست شانۆنامەکە قەدەغە بکەن، بەڕاستی ئەوان لەلای شانۆکاران ناوبانگیان ئەوەندە باش نەکەوتبووەوە، بەڵام زۆربەی کات، ئەوەندەی من ئاگاداربووم نیازیان پاک بوو و هاریکاری تیپەکانیان دەکرد، پاشتر خۆمان پێوەندیمان پێوە کردن، بە تایبەتی لە ڕێگەی مەحموود زامداری هاوڕێم کە پێی گوتبوون: ئەو شانۆنامەیە دژ بە ئەمریکایە، ئێ خۆ ناشێ مۆڵەتی نەدەن؟!

نێوەندگیری زامدار ڕۆڵێکی باشی لە مۆڵەتپێدانی شانۆنامەکەدا هەبوو، بەڵام پاش قرتاندن و لابردنی چەند ڕستەیەک، ئەو ڕستانەش ئەوەندە نەبوون و هەر زۆریش سادە بوون، چونکە ئەگەر سۆراخی ڕستەی خەتەرناکت کردبا، لەو ڕستانە خەترناکترت دەدۆزییەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە مانای ئاشکرایان شتێکە و مانای بن دێڕیان شتێکی دی بوون، لەلایەکی دیکەوە لابردنی ئەو ڕستانە بۆ ئێمە، مایەی دڵخۆشی بوو، چونکە ئەو نەختە دەستکارییە لە بەرپرسیارێتی، لە بگرە و بەردە و دڵەڕاوکێ ڕزگاری دەکردین، ئیدی بەڵگەی ئەوەمان بەدەستەوە بوو کە تێکستەکە لە ڕووی سانسۆرەوە کێشەی نەماوە، دەمانتوانی بڵێین ئەم نمایشە بە فیلتەری لیژنەدا تێپەڕیوە، ئەوان بەپێی پێویست دەستکارییان کردووە، هیچ شتێکی دەقەکە جێگەی گومان و لێکدانەوەی سیاسی دژ بە ڕژێمی تێدا نییە، بەڵام کێشەکە لێرەدا کۆتایی نەهات، هەر پاش چەند ڕۆژێک، دروست لەو کاتەدا کە دەمانویست دەست بە پرۆڤە بکەین، دەزگای ئاسایش"ئەمن"ی سلێمانی داوای لە سەرۆکی تیپ کرد، دەبێت بە زووترین کات ڕێژیسۆری شانۆگەرییەکە سەردانیان بکات، کە فەرمانی ئەمنیان پێ ڕاگەیاندم، ئەوەندە نەبوو لە کەرکووک گەڕابوومەوە بۆ سلێمانی. نازانم چۆن ئەو شەوەم بەسەر برد، بێ ئارام و بێ ئۆقرە تابەیانی بیرم دەکردەوە، تۆ بڵێیت ئەمە تەنیا بیانوو نەبێت؟ تۆ بڵێیت مەبەستیان تەنیا ناوەرۆکی شانۆنامەکە بێت؟ یان دەیانەوێت بەو بیانووەوە تووشم بکەن؟ دەشمزانی کە ناوەرۆکی شانۆنامەکە بەشی ئەوەی تێدایە لێی بترسن، یان لە کاردانەوەکانی بە گومان بن.

هەرچۆنێک بێت بۆ سبەینێ سەردانی ئەمنی سلێمانیم کرد، لە پرسگەکە بۆ ماوەیەکی دووردورێژ، بێ هوودە ڕایان گرتم، هەر کەسێک دەچووە ژووری و دەهاتە دەرێ منی لەوێ دەبینی، بە کابرای بەرپرسی پرسگەکەم گوت من لەسەر داخوازی خۆتان هاتووم، بۆ دەبێت ئەوەندە چاوەڕێ بکەم؟ من وای بۆ چووم کە ڕاگرتنم لەو شوێنەدا بۆ ئەوە بێ زۆرترین کەس لەوێدا ببینن. چاوەڕوانی و دانیشتنم لەو شوێنەدا ئارامی و ئۆقرەی لێ بڕیبووم، بەڵام خۆم وا پیشان نەدەدا، هەوڵم دەدا هێمن و ئارام خۆم پیشان بدەم، ئەم دیمەنە بۆ خۆی کلیلێک بوو بۆ چوونە ناو شانۆنامەکە، لە خۆم دەپرسی: زۆر سەیرە کتومت دەڵێیت شانۆنامەی بالمییە، شانۆنامەکە باس لە دەزگای ئاسایش و هەواڵگری دەکات، نووسەرەکەی ساڵانێکی زۆر ئەشکەنجەی ناو زیندانی چەشتووە،

منیش وەک ڕیژیسۆری شانۆنامەکە دەبێت سەردانی ئەم دەزگا توقێنەرە بکەم، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەستم بە جۆرە شانازییەک دەکرد، شانازی بەوەی کە ڕەنگە من یەکەم دەرهێنەری کورد بم، لە سەر نمایشی شانۆیی بۆ ئەمن بانگ کرابم.

ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم، ئەفسەرێک بوو ناوی مولازم ئەوەل مەدحەت بوو، هەر بەم ناوە ڕاستەقینەیەی خۆیەوە، خۆی پێ ناساندم.

گوتی: شانۆنامەکەتان باس لە چی دەکات؟

گوتم: شانۆنامەکە باس لە ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسیی زیندانەکانی ئەمریکا دەکات.

گوتی: باشە تۆ بڵێیت لەلای بینەرانیش هەروا بکەوێتەوە.

گوتم: ئێمە بەو ئاراستەیە کار دەکەین، من وەک دەرهێنەری نمایشەکە هەوڵ دەدەم بەڕوونی ئەم دژایەتییە بۆ ڕژێمی ئیمپریالیستی ئەمریکا بەرجەستە بکەم.

گوتی : چۆن، بەچی؟

گوتم: هەر بۆ نموونە لەو دیمەنەی کە بەرێوەبەری ئاسایش بەدەردەکەوێت، ئاڵای ئەمریکا و پەیکەری ئازادی ئەمریکامان داناوە، ئەم دوو ئاماژەیە بەڵگەی ڕوونن بۆ تاوانبارکردنی ئەمریکا لە نمایشەکەدا.

گوتی: ئەی ئەگەر وا نەکەوتەوە؟ گەرەنتی چییە؟

گوتم: تێکستەکە زۆر ڕوونە، پاشان ئەم تێکستە مۆڵەت دراوە، واتە لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە بە وردی خوێنراوەتەوە، نەک هەر ئەوەندە، تەنانەت ئەو ڕستانەشی لێ لابراوە و لێی قرتێنراوە، کە ڕەنگە خراپ بکەوێتەوە، واتە لە هەموو گومان و بۆچوونێکی نەرێنی پاک کراوەتەوە.

مولازم یەکجار بەوە دەهری و کەللەیی بوو کە گوتم: لیژنەکە لە هەولێر کەسانی پسپۆڕن.

گوتی: ئەوان لە هەولێرن، ئێمەیش لە سلێمانی، بارودۆخی سلێمانی جیاوازە.

ئینجا پرسیاری وەرگێڕی تێکستەکەی کرد و گوتی: شێرکۆ بێکەس شانۆنامەکەی کردووە بە کوردی؟

گوتم: بەڵێ

گوتی: دەستکاری نەکردووە.

گوتم: نەخێر، تێکستەکە دەقا و دەق کراوە بە کوردی.

هەواڵی شێرکۆ بێکەسی لێ پرسیم، گوتی چی دەکات؟ ئێوە چەند برادەری یەکترین؟ پرسیارەکانی دەربارەی شێرکۆ بێکەس تەنیا بۆ ئەوە بوو بزانێت ئێمە تاچ ئەندازەیەک هاوڕێی یەکترین، یان تا چ ئەندازەیەک لە یەکدییەوە نزیکین.

لە کۆتاییدا گوتی: کەی شانۆگەرییەکەتان نمایش دەکەن؟

گوتم: هێشتا کاتەکەمان بە کۆنکریت دەستنیشان نەکردووە.

گوتی: هەرچۆنێک بێت کە ڕۆژانی نمایشتان دەستنیشان کرد، ئاگادارمان بکەنەوە، ڕۆژی یەکەم دێین بۆ بینینی.

گوتم: باشتر وایە ڕۆژی دووەم بێن، چونکە ڕۆژی یەکەم بۆ خێزانی ئەکتەرەکان تەرخان دەکەین، نمایشی یەکەم وەک دوا پرۆڤەیە بۆ نمایشی دووەم کە بەتەواوی بۆ بینەرانە.

گوتی: نەخێر، ڕۆژی یەکەم دێین، چونکە ئەگەر شتێکی نەگونجاوی تێدا بەدی بکەین، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە قەدەغەی دەکەین، بۆیە چوار جێگەمان لە نمایشی یەکەمدا بۆ دەستنیشان بکەن.

گوتم: لە ڕیزی پێشەوە؟

گوتی: نەخێر، با پێکەوە نەبن، هەر یەکەو لە شوێنێک، با لە یەک دوور بن.

پاشان گوتی: تۆ بەرپرسی لەوەی ئەگەر نمایشەکە ئاراستەیەکی سیاسی دژ بە دەوڵەت وەربگرێت.

گوتم: بێ گومان بە.

تەواو، قسەکان کۆتایی هات، منیان ئاراستەی ڕێگەی دەرەوە کرد، کە هاتمە سەر شۆستەکە هەستم دەکرد وڕ و گێژ و کاسم، نەمویست تەکسی بگرم، دەمویست بڕۆم و بەدەم ڕێگاوە خەم و خەیاڵات و ئەندێشەی خەماوی قووڵایی ناخی تەنیبووم، بۆ ئێوارە لە تیپی نواندن ئەندامانی تیپ چاوەڕێیان دەکردم، منیش هەموو شتێکم وەک خۆی بۆ گێڕانەوە.

تا ئێستایش ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم: چۆن دەزگای ئاسایش درکی بە ناسکیی بابەتی شانۆنامەکە کردبوو، لە کوێوە زانییان ئەم شانۆنامەیە باس لە مەسەلەی ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسی دەکات؟ تا ئێستایش وەڵامی ئەم پرسیارەم بەدەست نەهێناوە.

### نەخشە هونەرییەکانی کارکردن

پرۆسەی دەرهێنانی شانۆنامەی بالی بۆ من بەر لە هەموو شتێک، بریتی بوو لە دۆزینەوەی لایەنە ئەفسووناوییەکەی کە بریتی بوو لە بەرجەستەکردنی هێما و سیمبوڵ و ئاماژەکان، ئەوانەی کە خەون و مۆتەکەی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەی پێک دەهێنا، وام بیر دەکردەوە ئەگەر ئەم لایەنە، یان ئەم ڕەهەندە بە شێوازێکی شێوازگەریانە بەرجەستە بکرێت، ئەو دەم هزرە

ئینسانییەکەی شانۆنامەکە باشتر دەچەسپێ، کە بە کەرەستە و فۆرمی هونەری، ئەو هزرە دەسەلمێنێن، واتە کە ئەو کەسەی ئەشکەنجەی کەسێکی دیکە دەدات، نەک تەنیا کەسی ئەشکەنجەدراو ئازار دەچێژێت و دەبێت بە قوربانی، بگرە خۆیشی بۆ هەتا هەتایە ئازار دەچێژێت و دەبێت بە قوربانی، ئەم ئەرکە تەنیا لە ڕێگەی جیهانی ناوەوەی پاڵەوانەکەوە، لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی خەون و مۆتەکە و خەیالات و ورێنەکانییەوە جێبەجێ دەکرێت.

ڕەنگە پێش شانۆنامەی دکتۆر بالمی ئەوەندە و بەم شێوەیە بیرم لە بەکارهێنانی تەکنیکی شانۆ نەکردبێتەوە، بەڵام لەم شانۆنامەیەدا بوارێکی گەورە و پانتاییەکی فراوان بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی دەنگ و ڕەنگ و ڕووناکی هەیە.

بە پلەی یەکەم بیرم لە جۆری بەکارهێنانی مۆسیقا دەکردەوە، هەروەها لە چۆنیەتی بەکارهێنانی، چونکە باری سایکۆلۆژی نمایشەکە وای دەخواست، کە مۆسیقای تێدا کاریگەر بێت، بە شێوەیەک کە مۆسیقا خاوە، مۆسیقا خێرایە، مۆسیقا دارمییە، فرەتۆنە، فرە دەنگە، بە گوێرەی کەسایەتی و بەپێی دیمەنەکان بەکار بهێنرێت، بەڵام گرنگە ئەوەیش بڵێم لەو سەردەمەدا کە قۆناغی یەکەمی ئەزموونی ڕێژبسۆریم بوو، هەرگیز پەنام بۆ مۆسیقا نەبردووە، تەنیا وەک ئامرازێکی وێناکردن و ڕاڤەکردنی دیمەنەکە نەبێ، وەک ئەوەی مۆسیقا تەنیا ئەو دۆخە دەروونییە تەرجەمە بکات کە لەسەر شانۆ هەیە، یان بە مەبەستی خەتووکەدانی هەستی بینەران و وروژاندنی. ڕاستییەکەی دەمویست مۆسیقا گوزارشت لە ناخ و گۆڕانکارییەکانی ناوەوە بکات، ڕیتمی لەگەڵ ڕیتمی ناوەوەدا بگۆڕێت، هەندێک جار بە هارمۆنی، جاروباریش بە کۆنتراست، هەروەها ساتەکانی بێدەنگی و وەستاندنی مۆسیقا ببن بە بەشێک لە مۆسیقا.

ئەوەی کە پێگە و ڕۆڵی مۆسیقای کاریگەرتر دەکرد، بێدەنگی بوو، هەندێک دیمەن لە شانۆنامەکەدا بەبێ دەنگ نمایش دەکرێن. من پێم وابوو، کە مۆسیقا پێش ئەو بێدەنگییانە، هەروەها پاش ئەو بێدەنگییانەیش بێ ئەندازە کاریگەر دەبن، واتە تێکچڕژانی مۆسیقا و بێدەنگی، بە چەشنی تێکچڕژانی قسەکەری سۆلۆ، لەگەڵ کۆرس کاریگەرە.

لەلایەکی دیکەوە پێوەندی پتەوی تاریکی و مۆسیقا، کە کاریگەرییەکی ئەفسووناوی هەیە، نووسەریش چاوتێرانە ئەم پانتاییەی بە ئەکتەر و ڕێژبسۆر بەخشیوە.

بۆ خۆم هەر لە منداڵییەوە زۆر جار لە تاریکیدا گوێم لە مۆسیقا دەگرت، هەستێکی سەیرم لەلا دروست دەبوو، خەیاڵم زۆر شتی وێنا دەکرد، مۆسیقا لە تاریکیدا بۆ من وەک سینەما و نمایشی فیلم بوو، ڕاستتر وایە بڵێم مۆسیقاکە فیلمێکی لە ئەندێشەمدا دروست دەکرد، تەنانەت هەندێک جار دەشترسام. لە سەرەتای ساڵی دوو هەزاردا لە شانۆنامەی مەرگ و کچ دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا تاریکی و مۆسیقا پێکەوە گرێ بدەم، دیارە شانۆنامەکەیش لە شێوازی دکتۆر بالمییەوە دوور نییە.

هەڵبەتە بەکارهێنانی مۆسیقا بەم شێوازە پەیوەستە بە چەمکی شێوازگەرێتییەوە کە من لەو سەردەمەدا سەرگەرمی ئەم چەمکە بووم، ئەو سەردەمەی دەتوانم بڵێم سەرەتای ئاشنایەتی من لەگەڵ چەمکی شێوازگەرێتی بوو، دیارە بە ئەندازەی شارەزایی و زانیاری و ئەزموونی ئەو کاتەم، بەتایبەتی کە دواتر پتر شارەزای قوتابخانەی مەیەرهولد بووم، ئیدی تێگەیشتن و لێکدانەوەم بۆ چەمک و تەکنیکەکانی شێوازگەرێتی بە جۆرێکی تر کەوتەوە.

ئەو کات وا تێگەیشتبووم کە خولقاندنی فۆرم، بە تایبەتی فۆرمی جووڵە، شێواز دەبەخشێتە هەر دیمەنێک، یان هەر یەکەیەکی سەر شانۆ، ئەمەیش ڕاستییەکی تێدایە، ڕەنگە ڕاستییەکی بنچینەییش بێت، بەڵام هێشتا هەموو شتێک نییە، چونکە ئەگەر شێوازگەرێتی تەنیا ئەوە بێت، ئەوە تا ئەندازەیەکی زۆر تەنیا ڕواڵەت دەگرێتەوە و ڕووکەشانە خۆی دەنوێنێت.

گرنگ ئەوەیە ئەوەی کە من بۆ نواندن و کاری ئەکتەرەکان بیرم لێ کردبووەوە، ئەوەبوو کە جووڵە و میزانسینەکان و پەیکەربەندی دیمەنەکان بەپێی چەمکی شێوازگەرێتی بەدی بهێنم، واتە جیهانە سایکۆلۆژییەکەیان و باری سروشتی مرۆڤانەیان، فۆرمی هونەری وەرگرێت، بۆ ئەمەیش دوو پلانم لە دوو قۆناغدا دەستنیشان کردبوو، یەکەم پلانی گشتی، دووەم پلانی کاری وردەکاری، لە پلانی گشتیدا دەمویست جووڵەکان و میزانسینەکان و پەیکەربەندی دیمەنەکان بەخێرایی جێبەجێ بکەم، پاشان بە شێنەیی و لە سەرخۆ کار لەسەر وردەکارییەکان و هێما و سیمبۆلەکان بکەم.

## سینۆگرافیا و پانتایی شانۆ

لەلای خۆمەوە وەک نەخشەی گشتی و هێڵی سەرەکی دەرهێنان، شێوازگەرێتیم بە سینۆگرافیا و پانتایی شانۆوە گرێ دابوو. گرێدانی ئەم دوو ڕەهەندە زۆر پێویستن ئەگەر بتەوێت کار لە سەر خولقاندنی شێواز و فۆرم بکەیت، باشە من لەو قۆناغە سەرەتاییەمدا چۆن ئەم هزر و باوەڕەم لەلا دروست بوو؟ لەو ساڵانەدا وتارێکم

دەربارەی میـیـرهولد لە گۆڤاری" المسرح" خوێندبووەوە، لەم وتارەدا ئەوە فـێـربووبووم، کـە مـیـیـرهولد دەڵێت: شـێـوازگـەرێتی تەنیـا نواندنی ئەکـتـەر ناگرێـتـەوە، بگرە پێـوەندی پـتـەوی ئەکـتـەر و سـینۆگـرافـیـا دوو مـەرجی سەرەکین بۆ بەدیهێنانی فۆرم و شێواز لە هەر دیمەنێکدا. ئەم هزرە بۆ من زۆر قووڵ و مانابەخش و فریادڕەس بوو، ماوەیەکی زۆر بیرم لەم چەمکە قووڵە دەکردەوە، چەمکی ئەوەی کە ئەکـتـەر ناتوانێت لە فـەزا و سینۆگـرافـیـایەکی ریالیـسـتـدا بە پێی چەمکی شـێـوازگـەری ڕۆڵەکـەی بەرجەستە و نمایش بکات.

بۆ یەکـەم جـار بیـرم لەوە کـردەوە کـە سـینۆگـرافـیـای شانۆگەرییەکە بە پەردە بکەم و لە کالوس و تەختە و دار دوور بکەومـەوە. نایشـارمـەوە ئەم بیـرۆکـەیەشم لە ئەزموونی گۆردن گریکەوە بۆ هات، بەتایبەتی لەو بەشەی کتێبە بە نرخەکەی ستانیسلاڤسکی "ژیانم لە هونەردا"، کـە تێـیـدا باسی ئەزمـوونی گـۆردن گـریک لە دەرهێنانی "هامێلت"دا دەکات، لەوێدا ستانیسلاڤسکی ئەوە باس دەکـات کـە گـریک چۆن و بەچ تەکنیکێک پەردە لە بری کـــالوس بە کـــار دێنێت. بەکـــارهێنانی پەردە دینامیکییـەتێکی پڕ وزە بۆ دیمەنەکان و گـۆڕینیـان ساز دەکـات، بۆ خـولقـاندنی ئەندێشە و خـەیاڵات و خـەون و جـیـهـانی فـەنـتـازیا، کـەش و ئەتمۆسـفـێـرێکی لە بار دەخوڵقێنێت.

ئەم پلان و نەخشەیە هەروەک خۆی مایەوە، بەڵام دواتر لە نمایشی هەزار و یەک شـەوەدا لە سوێد بەکارم هێنا، هەروەک پێـشـبـینیم دەکرد، پەردە و قـوماش جیـهـانی چەقبەستووی کۆنکرێت ئاسای سەر شانۆ ڕەت دەکاتەوە، کەشێکی شاعیرانە و ئەفسووناویانە دەخولقێنێت. وام دانابوو کـە لە ڕێگـەی بەکارهێنانی پەردە و قوماشـەوە، دەتوانین خێـراتر دیمەنەکان بگۆڕین، کە ئەمە مـەرجێکی شـاعـیـرییـەت و دینامـیکیـیـەتی نمایشـەکـەیە و دەکرێ دیمەنەکـان خێـرا و بە ئاسانی بگۆڕێن، هەروەک چۆن لە خەوندا شوێن و جێگە و پانتاییەکان بە چرکە دەگۆڕێن، نـەک هەر ئـەوەنـدە، بـگرە لـە ڕێـگـەی پـەردەوە دەتـوانـین بەخـێـرایی ڕیزبەندی زنجـیـرەی دیمەنەکـان بە پلان و نەخشـەیەکی جیـاواز لە ڕیزبەندی دەقی شـانۆنامـەکـە بگۆڕین، واتە بە لۆژیکی خەون، نەک بە لۆژیکی واقیع، هەمـوو ئەم نەخشـە و پلانـانە دروست و ڕاست ئەنجـام دەدرێن، تـەنیـا ئەگـەر بە شـێـوەیەکی دروست ڕووناکی ئاراستە بکرێت.

بۆ ئەکتەری سەرەکی (جیـهـاد دڵپـاک)م هەڵبژاردبوو، جیهـاد دڵپـاک لە زمانی هونەریی من تێـدەگەیشت، ئەم قـــسـەیە (عـــەلی کـــەریم)یش دەگـــرێـتـــەوە، لەگـــەڵ هەردووکیاندا پێشتر کارم کردبوو، دەمزانی هەڵبژاردنی ئەو ئەکتەرانەی پێشتر کاریان لەگەڵمدا کردبوو، کارەکە ئاسـانـتـر دەکـات، هەروەها زۆربەی ئەکـتـەرانی تیـپی نواندنی سلێـمـانی، بۆ نموونە عـەلی نووری لە ڕۆڵی بالمیدا.

لە پرۆڤەکاندا بەپێی زنجیرەی دیمەنەکان کارم نەدەکرد، بەبێ گـوێدان بە ڕیزبەندی دیمەنەکـان، ڕاهێنانمان لە سـەر دیمەنەکـان دەکرد، دیارە مەبەستم ئەوەبوو ئەکتـەرەکان لە بینای هەست و سۆزدا، دوای بینای هەڵچوونی ناوەوە و هەستی میلۆدرامیانە نەکەون، ئەم تێکشکاندنە وایان لێ دەکات بە ئاسانی شێواز و فۆرمی هونەریی بدۆزنەوە، زووتریش کەرەستە هونەرییەکانی شێوازگەرێتی بەدەست بێنن.

## دیمەنی کۆتایی

لە گەرمەی پرۆڤەدا بووین جەنگی نێوان ئێراق و ئێران دەستی پێکرد، من یەکێک بووم لەوانەی ناچاربووم شار بەجێ بهـێـڵم، پاش ڕۆیشـتنم، تیپ ئەرکی تـەواوکـردنی دەرهێنانی شانۆنامـەکەی بە جیـهاد دڵپاک سـپـاردبوو، خۆشبەختانە ئەویش وەک پاشتر بیستمەوە، لەم ئەرکەدا سەرکەوتووبوو.

هیچ نمایشـێک لەوانەی تا کۆتایی کارم لەسەر کردن و پێشکەش کـران، بە ئەندازەی دکـتـۆر بالـمی کە بەدەسـتی من نمایش نەکـرا، کـاتی لێ نەگـرتم و وزەی پێ سـەرف نەکـردم، ئیش کـردن لەو شـانۆنامـەیەدا بۆ مـاوەیەکی دووروودرێژ، هزر و ناخی داگیر کردم، هەموو پرۆسەکە تا وەرگرتنی مۆڵەت نزیکەی ساڵێکی خایاند، ساڵێکی پڕ لە چاوەڕوانی، پڕ لە دڵەڕاوکێ و بێ ئۆقرەیی و پێشبینی هونەری جوان و ڕەنگاوڕەنگ.

کە کوردستانم بەجێ هێشت، گەورەترین خەمم ئەوەبوو کـــە باوکم بۆ هەتاهەتایە بەجێ هێـــشـت و چیـــدی نەمـبـینیـیـەوە، لە ڕووی هونەریشـەوە جێ هێـشـتنی شانۆگـەری دکـتـۆر بالمی بە نیـوەچڵی بۆ من خـەمـێکی گـەورە بوو، کـە بۆ مـاوەیەکی دووروودرێژ بە دەم خـەمی ئاوارەیی و غوربەتەوە، بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە.

کە گـەیشـتـمـە سـتـۆکـهـۆڵم چەند سـاڵێکی خـایاند تا نمایشـێکی دیکە و ئەزموونێکی نوێ بخەمە سەر شانۆ. ئەزمـوونێک کـە دەکـاتە سـەرەتای قـۆناغـێکی دیکە لە ئەزمـوونی ڕیژیسـۆریم، ئەویش ئـەزمـوونی ڕیژیسـۆریمە لە تیپی شانۆی ئارارات.